sbey Research

# بانگەوازە ئاڵۆزەکەی ئۆجەلان و گۆڕانکارییەکان

ئاریا ئەحمەدی

٢٠٢٥

پێشەکی ... 4
زمانی بانگەوازەکە و چەند نموونەیەک ... 5
تیۆرییەکانی ئاشتی و دیمۆکراسی ... 7
ئاشتی نەرێنی و ئەرێنی ... 7
دیمۆکراسی کۆنسۆسیالیزم ... 8
دیمۆکراسی ئاگۆنیستی ... 8
ئەزموونی مێژوویی و سەردەمییانە ... 10
گەریلاکانی فارک و کۆلۆمبیا ... 10
پڵنگەکانی تامیل و حکومەتی سریلانکا ... 11
هۆکارەکانی پرۆسەی ئاشتی ... 13
ئەگەرەکانی شکست، یان سەرکەوتنی پرۆسەکە ... 17
دەرفەتەکان و مەترسیەکانی بانگەوازەکە ... 19
خوێندنەوەیەک بۆ دەرفەت و ئەگەرەکانی بانگەوازەکە ... 20
بانگەوازەکە و ڕوانگەی گەشبینانە ... 22
کۆبەندی ... 24
سەرچاوەکان ... 26

## پێشەکی

بانگەوازەکەی ئۆجەلان لە کاتێکدا ڕاگەیەندرا، کە جیهان و ناوچەکە گۆڕانکاری خێرای مێژوویی بەخۆیانەوە دەبینن. لە کاتێکداین کە جیهان بە پرسی ئاشتی ئۆکراین-ڕوسیا، هێرشەکانی ئیسرائیل و سەرهەڵدانەوەی توندوتیژییەکان، و پرسی داهاتووی سیستمی جیهانییەوە سەرقاڵ بووە. هاوکات چەندین گۆڕانکاری گەورە و خێرا لە ناوچەکەدا بەدیار کەوتوون، کە بەجۆرێك بە بانگەوازەکەی ئۆجەلان و پەکەکەوە دەبەسترێنەوە. لە سوریادا، ڕێکەوتنی نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و حکومەتی نوێی سووریا واژۆکراوە، کە بە گوتەی ساڵح موسلیم (2025) بەهۆی بانگەوازەکەی ئۆجەلانەوە بووە. لە تورکیادا، سەدان کەسی ئۆپۆزسیۆن، لەوانە (ئەکرەم ئیمامئۆغڵو) سەرۆکی شارەوانی ئیستەنبوڵ، دەستبەسەرکراون و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری وڵاتی گرتووەتەوە. هەروەك ئەم دەستبەسەرکردنەش بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی داهاتووی تورکیاوە دەبەسترێتەوە، کە ئیمامئۆغڵو وەک ڕکابەرێکی سەرەکی ئەردۆغان ناوزەد دەکرا (BBC News, 2025). هاوکاریکردنی پەکەکە یەکێک لەو تۆمەتانەیە، کە دراوەتە پاڵ ئیمامئۆغڵو. هەربۆیە دەم پارتی (2025) لە ڕاگەیاندراوێکدا، ئەم دەستگیرکردنانە بە کردەوەی کودەتایی و هێرش بۆسەر ``شکاندنی هیوای خەڵکی تورکیا بۆ ئاشتی و دیموکراسی`` ناودەبات، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بانگەوازەکەی ئۆجەلانەوە هەیە (دەم پارتی، 2025).

بانگەوازەکەی ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکە، لەڕاستیدا جۆرێك لە ئاڵۆزی تێگەیشتنی تێدایە. هەربۆیە چەندین کاردانەوە، خوێندنەوە و ڕاڤەی جیاوازی لەسەر ئاستی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیدا لێکەوتۆتەوە. بەشێکی زۆری ئەم خوێندنەوە و لێکدانەوانەش، خەڵکی بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەشکردووە. ئەم دابەشبوونەش، زۆرتر بەرهەمی هەستیاری و تێگەیشتنی یار و نەیاری ئۆجەلان بووە، تاوەکو خوێندنەوەیەکی بابەتییانە و سەربەخۆیانە لەسەر بنەمای ڕاستی، فاکت و زانست. هەربۆیە ئامانجی ئەم وتارە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانە و وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکە: "بانگەوازەکەی ئۆجەلان چ تایبەتمەندییەکی زمانەوانی، تیۆری زانستی و ئەزموونی ڕاستەقینەی مێژوویی تێدایە؟ هۆکارەکانی دووبارە سەرهەڵدانەوەی پرسی ئاشتی چین و ئەم پرسە چۆن دەتوانێت بەرەو سەرکەوتن، یان شکست بڕوات؟

## زمانی بانگەوازەکە و چەند نموونەیەک

بۆ تێگەیشتن لەم بانگەوازە، پێویستمان بە تێگەیشتنە لە ستراتیژی هوونەری ریتۆریک و شێوازی دارِشتن و بەکارهێنانی زمانەوانی. ئۆجەلان، پێدەچێت لە شێوازێکی ئەدەبی نووسین و زمانەوانی کەڵکی وەرگرتبێت، کە لە شیکاری زمانەوانیدا بە ڕستەگەلی ناڕوون و فرەمانایی (Ambiguous sentences) پێناسە دەکرێن. نووسەر لەم شێوازەدا، لە ڕێگەی وشەو چەمک و ڕستەی ناڕوون و فرەمانا، دەرگا بۆ چەندین ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاوازی دەقەکە دەکاتەوە. ئەمەش کارێکی ورد و بە ئامانجداری نوسەرانە، بۆ ئەوەی؛ یەکەم: مانای زۆرترو قووڵتر بە دەق و بەرهەمەکەیان بدەن. دووەم: هانی خوێنەری ئازاد و چالاک بدەن، کە خۆیان بەدوای ئەگەری ماناکاندا بگەڕێن و خوێندنەوەی جیاوازییان هەبێت (Mytutorsource, 2025). بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بەم ڕستە ناسراوە بکەین: `لێبووردن پێویست نییە لە سێدارەی بدەن`. لێرەدا دەکرێت مانای لێخۆشبوون لە کابرایەک بێت، کە پێویست ناکات لە سێدارە بدرێت، یان بەپێچەوانەوە پێویستە لە سێدارە بدرێت و لێبخۆشبوون نەیگرێتەوە. هەروەها کاتێک ئۆجەلان لە بانگەوازەکەی 2013 ڕایگەیاند ``پێویستە یەکەکە لە سنوورەکانی تورکیا بکشێنەوە``. ئەمەش وادەکات بپرسین ئایا مەبەست لە سنوورەکانی تورکیا کوێیە؟ سنووری دانپێنراوەکانی ئەمڕۆی تورکیایە، یان لای ئۆجەلان، تورکیا و کوردستان دوو وڵاتی هاوسنوورن؟

لەم گۆشەنیگا زمانەوانییەوە، دەتوانین ئاماژە بە چەند بابەتێکی بانگەوازە نوێیەکەی ئۆجەلان بکەین. لە بڕگەی یەکەمی بانگەوازەکەدا باسی سەردەمی شەڕە جیهانییەکان، شەڕی ئایدۆلۆژیاو سیاسەتی سڕینەوە و نکۆڵیکردن دەکات، کە بوونە هۆی دامەزراندنی پەکەکە. لێرەدا وێرای ڕوونی دێرو پەیامەکەی، دیار نییە کە مەبەستی تەنیا گێڕانەوەی مێژوویی ڕووداوەکانە بۆ هۆشیاری و ئاگایی خەڵک، یان ئەوەی بە ئامانجەوە دەیەوێت، تورکیا بە بەرپرسیاری سەرەکی توندوتیژی و شەڕێکی چەندین ساڵە بزانێت؟ هەروەها لە بڕگەی سێیەمدا، یەکێتی مێژوویی کورد و تورک لەسەر بنەمای دڵخوازی و هاوپەیمانی ناودەبات. ئایا ئەمە لە بڕوای قووڵەوە سەرچاوەی گرتووە، یان ئاماژە و پەیامێکی ناڕوونە بۆ تورکیا، کە پەکەکە تەنیا پێکەوە ژیان و هاوپەیمانی دڵخواز پەسەند دەکات؟ لەبڕگەی کۆتاییدا دەنووسێت ``هیچ کۆمەڵگەو پارتێکی هاوچەرخ بە زۆر کۆتایی بە بوونیان نەهاتووە. ئێوە بە دڵخوازی کۆنگرەی خۆتان بگرن و بڕیاربدەن. پێویستە هەموو گرووپەکان چەک دانێن و پەکەکە خۆی هەڵوەشێنێتەوە``. لێرەدا چەند واتایی و لایەنی دەردەکەوێت، کە وادەکات خوێندنەوەی جیاواز بۆ ڕستەکان بکرێت. بۆچی وشەی ``بەزۆر`` لە پێشدا و پاشانیش وشەی ``دڵخواز`` هاتووە؟ ئایا مەبەستی ئەوەیە بە تورکیا بڵێت بە زمانی زۆر کۆمەڵگەی کوردی و پارتەکەی

ناسڕێنەوە؟ ئایا پەیام و ئاماژە بۆ پەکەکە دەنێرێت، کە زمانی زۆر و ناچاری قبووڵ مەکەن و تەنیا بە زمانی دڵخوازانە لەگەڵ حکومەتی تورکیا دانووستان و ڕێکەوتن بکەن؟ ئایا داوای چەکدانانی هەموو گرووپەکان تەنها پەکەکە و لایەنە وابەستەکانی دەگرێتەوە، یان سوپای تورکیا و گشت هێزەکانی دیکە؟ ئایا بریکارەکانی تورکیا لەسوریا و یەپەگە لە ڕۆژئاوا دەگرێتەوە؟

ئۆجەلان لە دەقی بانگەوازەکەدا بەڕوونی داوای ئاشتی و دیمۆکراسی دەکات، بەڵام بە دیاریکراوی باسی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک، یان جۆرێکی دیکەی دیمۆکراسی ناکات. هەروەها کەڵک لە وشە و دەستەواژەی وەها وەردەگرێت، کە لە پێکهاتەی کۆتایی ڕستەکەدا ناڕوونی دروست دەکات. بۆ نموونە ``دەوڵەت نەتەوە جیاوازەکان، فیدراسیۆن، خۆبەڕێوەبەری ئیداری و چارەسەری کولتوری، کە دەرئەنجامی پێویستی نەتەوەپەرەستی توندڕەوە، ناتوانن وەڵامی سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگەی مێژوویی بدەنەوە... ڕێزگرتن لە ناسنامە، ئازادی بیروڕا، ڕێکخستنی دیمۆکراسی، دروستکردنی کۆمەڵگەی ئابووری و سیاسی هەموو پێکهاتەکان، تەنیا بە هەبوونی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و فەزایەکی سیاسی بونیاد دەنرێت``. وەک دەبینن لە پێشدا دەنووسێت؛ دەوڵەت نەتەوە و فیدراسیۆن وەڵامدەرەوەی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ نییە، بەڵام چارەسەری کولتوریش بە هەمان شێوە دەبینێت. دواتر باسی ناسنامە و کۆمەڵگەی ئابووری و سیاسی هەموو پێکهاتەکان دەکات لە ڕێگەی کۆمەڵگەیەکی دیمۆکراتی. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا کۆمەڵگەی دیمۆکراتی ئاماژەی ڕەمزیيانەیە بۆ کۆنفیدراڵیزمی دیمۆکراتیک، کە هەموو پێکهاتەکان تیایدا بەشدارن؟ ئەگەر وایە بۆ ڕاستەوخۆ ناوی نابات؟ ئایا هۆکارەکەی هەستیاری سیاسی دەسەڵات و خەڵکی تورکیایە؟ ئایا پێکهاتە نەتەوەیی و دینییەکان چۆن لەم کۆمەڵگە دیمۆکراتییەدا مافەکانیان ڕێکدەخرێت؟ ئایا مافەکان شارۆمەندی، یان نەتەوەیین؟ ئایا خودی دیمۆکراتییەکە گەرەنتی مافیان دەکات؟ یان بەپێچەوانەوە، ئۆجەلان لە بانگەوازەکەدا فیدراسیۆن و خۆبەڕێوەبەری ڕەتدەکاتەوە و بەگشتی داوای دیمۆکراسی دەکات؟ پرسیار ئەوەیە کام جۆری ئاشتی و دیمۆکراسی دەوێت؟ ئەم نموونانە ئاڵۆزی کۆدەنگی لە تێگەیشتنی دەقەکە پیشاندەدەن، و فرە ڕەهەندی و فرە لایەنی لە خوێندنەوە و تێگەیشتندا دروست دەکەن. وەک دەردەکەوێت داخوازی ئاشتی و دیمۆکراسی لە دەقی بانگەوازەکەی ئۆجەلان ڕوون و کرۆکی سەرەکی باسەکە پێکدێنێت. ئەوەی ئاڵۆزو ناڕوونە جۆرەکانی ئاشتی و دیمۆکراسییە؛ لەبەر ئەمەش پێویستە باسی هەندێک تێۆری تایبەت بە ئاشتی و دیمۆکراتی بکەین، کە پەیوەندییان بە بانگەوازەکەوە هەیە.

## تیۆرییەکانی ئاشتی و دیمۆکراسی

تیۆرییەکانی پەیوەست بە ئاشتی و دیمۆکراسیش گەڵێک زۆرن. لێرەدا تەنیا چەند تیۆرییەکی پەیوەندار باس دەکەین، کە دەتوانن سوودیان بۆ خوێندنەوەی بانگەوازەکەی ئۆجەلان هەبێت.

### ئاشتی نەرێنی و ئەرێنی

لێکۆڵەری نەرویجی، یۆهان گالتۆنگ، ئاشتی بە دوو ڕەهەندی نەرێنی و ئەرێنییەوە دەبەستێتەوە. لە ئاشتی نەرێنیدا، ململانێی توندووتیژانە نامێنێت بەڵام هۆکارە بنەڕەتییەکانی کێشەکە بە بێ چارەسەری ڕاستەقینە دەمێننەوە. بە پێچەوانەوە، لە ئاشتی ئەرێنیدا دۆخێک دێتە ئاراوە، کە پێکهاتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بە شێوازێکی دادپەروەرانە دروستدەبن. بەمجۆرەش ڕێگری لە دووبارە هەڵسانەوەی ململانێ و جەنگ دەکەن (Urban, 2020). ئەگەر ئەم تیۆرییە بە بنەما وەربگرین دەردەکەوێت، کە ئۆجەلان تەنیا باسی ئاگربەست وەک ئاشتی نەرێنی ناکات، بەڵکو داوای سیستمێکی سیاسی نوێ دەکات، کە بە شێوازی دیموکراتیک بەڕێوە بچێت و ڕێز لە ناسنامەکان بگرێت. بۆیە ئاشتی تەنیا بە دانانی چەک دروست نابێت بەڵکو بە گۆڕینی تێڕوانین و سیستمی یاسایی و گەرەنتی سیاسی بەدی دێت، کە ڕێگە بە بەشداری ڕاستەقینەی کورد بدات.

داخۆ ئۆجەلان و پەکەکە لە کوێی ئەم بابەتەدا خۆیان دەبیننەوە؟ ئەگەر دیمۆکراسی تاکە گەرەنتی ڕێگەچارەی ئۆجەلان بێت و پەکەکە و دەوڵەتی تورکیاش لەسەری ڕێکەوتن بکەن، ئەوا ئەگەری دروستبوونی ئاشتی نەرێنی هەیە. ئاشتی نەرێنیش ناتوانێت چارەسەری ڕیشەیی خەباتی کورد بکات، کە بۆ خاک و ناسنامەی نەتەوەیی کردوویەتی. پاشان ئەگەری سەرکەوتنی ئاشتی نەرێنی لە تورکیادا زۆر کەمە. تورکیا وڵاتێکە کە مێژوویەکی نادیمۆکراتیکی بەرامبەر بە کورد هەیە و بەشێوەی سیستماتیک مافەکانی کوردی پەراوێزخستووە و بە زمانی سەرکوت و نکۆڵیکردن مامەڵەی لەگەڵ کردووە (Neumann, 2025). ئەگەرچی وەک ئۆجەلان دەڵێت؛ ئێستا سەردەمێکی دیکەیە و پێویستە کۆمەڵگە بۆ ئاشتی و دیمۆکراسی ئامادەبکرێت، بەڵام ئەمەش ڕاستییەکی حەشاهەڵنەگرە، کە ڕەوتی دیمۆکراتیزەکردنی تاک و کۆمەڵگەی تورکی کاتی دەوێت و ئەگەر ئاشتییەک بێتە ئاراوە، ئەوا زۆر لاواز و لەرزۆک دەبێت. ئەمەش تەنها لایەنی تورکی ناگرێتەوە، چونکە کوردیش بەهەمان شێوە دەتوانێت ئاستەنگ بۆ ئاشتی دروست بکات، بەتایبەت ئەگەر تورکیای دیمۆکراتیک مافی نەتەوەییان پێشێل بکات. بەکورتی هۆکارە بنەڕەتییەکانی کێشەکە، پرسی خاک و ناسنامە بووە و گومان هەیە تورکیا بتوانێت هاوشێوەی کەنەدا و بریتانیا دیمۆکراتیزە بێت.

## دیمۆکراسی کۆنسۆسیالیزم

بیرمەندی هۆڵەندی ئارێند لیجفارت، تیۆری دابەشکردنی دەسەڵاتی دیموکراتیک لە ڕێگەی چەمکی کۆنسۆسیالیزم (Consociational Democracy) دەخاتەڕوو. دیمۆکراسی کۆنسۆسیالیزم بە دەوڵەتێک دەگوترێت بتوانێت گشت پێکهاتە جیاوازەکانی ولات لە خۆبگرێت و بەمەش ڕێگری بکات لە پارچەبوونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەک، کە بە فرەنەتەوەیی، فرەئایینی و فرەزمانی تەنیوەتەوە. بۆیە لەم دیمۆکراسییەدا، ولاتەکە بەشێوازی دابەشکردنی دەسەلات و کۆمەڵایەتیگەرایی دیموکراتیکەوە بەڕێوە دەچێت و هەوڵی سەقامگیری و دوور لە توندوتیژی دەدات. بۆ ئەمەش لە ڕێگەی ڕاوێژ و ڕێکەوتنی دەستەبژێرەکان و نوێنەرانی نەتەوەیی، ئایینی و زمانی جۆراوجۆر دەگرێتەبەر، کە تێیدا مافی ڤیتۆیان وەک گەرەنتی پێدراوە و دەتوانن ئەو مافە لەکاتی خۆیدا بەکار بهێنن (Akerfeldt, 2025). بۆ نموونە لەکاتی هەستکردن بە مەترسی شوناس، بەرژەوەندی و چەوساندنەوەیان لە لایەن زۆرینەوە دەتوانن مافی ڤیتۆ بەکارببەن. ئەم تیۆری وەک سیستمی حوکمڕانی لە چەند ولاتی دنیادا کاری پێدەکرێت؛ لەوانە بەلجیکا، هۆڵەندە، سویسرا، لوبنان، کۆلۆمبیا، هتد. مافی ڤیتۆ لەمجۆرە دیمۆکراتییەدا بۆ ئەوەیە، نەتەوە جیاوازەکان ناسنامە و بەرژەوەندییان لە هەژموونی زۆرینە بپارێزێت و بتوانن لە هەندێک بواردا خۆیان بەڕێوەببەن (Hauge, 2011).

ئۆجەلان، پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بە بوونی دیموکراتییەوە دەبەستێتەوە. پرسیار ئەوەیە، ئایا ئۆجەلان لەم گۆشە نیگایەوە داوای گەرەنتی بۆ سەرکەوتنی پرسی ئاشتی دەکات و خوازیاری گەرەنتی سیاسی و یاساییە لەمجۆرە دیموکراتییەدا؟ ئایا لە گفتوگۆکان و لە پشت پەردەدا باس و ڕێکەوتن هەبووە تایبەت بەم سیستمە؟ ئایا ئەزموونی شکست و سەرکەوتنی ڕێکەوتنی گەریلاکانی (FARC) و دەوڵەتی کۆڵۆمبیا لەم بوارەدا باسیان لەسەر کراوە؟ ئەمانە چەندین بابەتی ناڕوون و پشت پەردەن، کە تێپەرینی کات دەتوانێت پەردەیان لەسەر لابدات. ئەوەی بە ڕوونی لە بانگەوازەکەدا هاتووە چەمکی ``جێبەجێکردنی کۆدەنگی دیموکراتی`` یە کە تورکیا دەکاتە خاوەن یەکێتی و بەردەوامی هەمیشەیی!

## دیمۆکراسی ئاگۆنیستی

دیمۆکراسی ئاگۆنیستی (Agonist democracy) تیۆرییەکە لەلایەن شانتال مۆفێی، زاناو فەیلەسوفی بەلجیکی پەرەی پێدراوە. ئەو پێیوایە؛ جەوهەری سیاسەت ململانێی هەمیشەییە (ئاگۆنیستییە) و کۆدەنگی تەواو هەرگیز ڕوونادات. بۆیە پێویستە کۆمەڵگەکان لەجیاتی سەرکوتکردنی ناکۆکی و ململانێکانیان، لەڕێگەی بەهێزی دامەزراوە دیموکراتیکەکانەوە ڕێکدەخرێن، کە ئەو بە دیمۆکراسی ئاگۆنیستی ناودێری

دەکات. لێرەوە نەیار، وەک دوژمنێک سەیر ناکرێت، کە دەبێت لەناوبچێت، بەڵکو وەک نەیارێکی ڕەوا و هاوتای سیاسی ڕەوا، مامەڵە لەتەکدا دەکرێت (Boldermo Eriksen, 2017). داتاکان باس لە هیچ وڵاتێکی دنیا ناکەن، کە ئەمجۆرە دیمۆکراتییە تیایدا بەتەواوەتی سەقامگیربێت، بەڵام ئاماژە بە هەندێک وڵات دەکەن، کە بە بەکەڵکوەرگرتن لە هەندێک تایبەتمەندی ئەم بیرۆکەیە مامەڵە لەگەڵ کێشە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکانیان دەکەن. بۆ وێنە، دەتوانین ئاماژە بە وڵاتی ئیسپانیا بکەین، کە ئەگەرچی دیمۆکراتییە، بەڵام نەیتوانییوە چارەسەری پرسی نەتەوەیی کەتەلۆنیا و هەرێمی باسک بکات (Münkler). ئیسپانیا سەرباری مامەڵەی توند و نادیمۆکراتیکی بەرامبەر ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی 2017ی کەتەلۆنیا، هەوڵیداوە بە ڕێگەی دامەزراوەی دیمۆکراتیکەوە مامەڵە لەگەڵ پرسە ناکۆکەکانی تایبەت بە خودموختاری کەتەلۆنیا و باسکەلاند بکات. نموونەیەکی دیکە کەنەداو کێبێکە، کە کەنەدا لەبری هەڕەشەو سڕینەوە، هەوڵیداوە بە دانووستان و بە ڕێگەی دامەزراوە دیموکراتیکەکانەوە دەست و پەنجە لەگەڵ ئەم پرسەدا نەرم بکات. هەروەها ئاماژە بە مامەڵەی دیموکراتیکی دەوڵەتی بریتانیا دەدرێت، کە ڕێگەیدا سکۆتلەند لە ساڵی 2014 ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بەڕێوەببات.

ئەگەر بانگەوازی دیمۆکراتی ئۆجەلان و ڕێزگرتن لە شوناسی جیاواز بە بنەما وەربگرین، ئەوا دەردەکەوێت پەیامەکەی هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خواستە، کە دەکرێت لە چوارچێوەی ئەم تیۆرییەدا جێبگرێت. ئۆجەلان لە بری ململانێ بە زەبری چەک و هەڕەشەی سڕینەوەی یەکتری، داوای دانپێنان بە یەکدی و ڕێزگرتن لە فرە شوناسی لە تورکیایەکی نوێ دەکات ، کە تاجی دیموکراتی لەسەر دەکات . ئەم دیمۆکراتییەش وەک باسی دەکات، نەک تەنیا سیاسیەکان بەڵکو دەبێت کۆمەڵگەشی بۆ ئامادە بکرێت تا سەرکەوتوو بێت. لێرەدا کۆدەکانی تێگەیشتن ئاڵۆزی تێدەکەوێت و مرۆڤ دەخاتە ڕامانەوە بەوەی، کە ئۆجەلان بە چی فۆرمێک دەیەوێت پرسی بەشداری و شوناسی کوردی لە تورکیای دیمۆکراتدا پیادەبکات؟ ئایا تەنیا گەرەنتی بەشداری سیاسی و یاسایی یەکسان لەگەڵ تورکیای دەوێت، یان داوای گونجاندنی خۆبەڕێوەبەری دیموکرات بۆ کورد دەکات وەک گەرەنتی ئەم دیمۆکراتییە؟

ڕاستییەکی حەشاهەڵنەگرە، کە تێڕوانین و مامەڵەی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی تورکیا بۆ چارەسەری دیموکراتیک زۆر دوورە لەو کۆنتێکست و، تێڕوانین و مامەڵەیەی، کە لە وڵاتانی دیموکراتیکی وەک بەریتانیا و کەنەدا هەیە. لەپاڵ ئەم ڕاستییەدا هیوایەکیش بۆ بانگەوازەکەی ئۆجەلان لەم چوارچێوەیەدا هەیە. ئەویش ئەوەیە ئەگەر کۆمەڵگەو دەسەڵاتدارانی تورکیاو پەکەکە بەکردەوە باوەڕ بە دوورکەوتنەوە لە چارەسەری چەکدارانە و نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی بێنن، و هەوڵی ئاشتی بەڕێگەی دامەزراوە

سیاسییەکان و کەنالیزەکردنی ناکۆکییەکان بەشێوازی دیمۆکراتی بدەن، ئەوا ئەگەری کەڵکوەرگرتن لە تایبەتمەندییە باشەکانی دیمۆکراسی ئاگنوستی کەم نین.

## ئەزموونی مێژوویی و سەردەمییانە

پرۆسەی ئاشتی چەندین ئەزموونی مێژوویی و سەردەمیانەی بەخۆوەوە بینیوە. لێرەوە دوورەدیمەنێکی کورت لە دوو لەو ئەزموونانە بەرباس دەخەین. توێژینەوەکان باس لە هەندێک لەم ئەزموونانە دەکەن کە وێڕای کەمایەسییەکانیان، تا ئاستێکی باش سەرکەوتوو بوون؛ لەوانە ڕێککەوتنی ئاشتی بەریتانیا و سوپای کۆماری ئێرلەندا (IRA)، ڕێککەوتنی کەمپی دەیڤدی میسر و ئیسرائیل، ئاشتی نێوان بەرهەڵستکارانی ئاچێ و وڵاتی ئیندۆنیزیا و چەند نموونەی دیکە. بەڵام لێرەدا باس لە دوو ئەزموونی وڵاتی کۆلۆمبیا و سریلانکا لەگەڵ گەریلاکان دەکەم چونکە وێرای بەستێن و خواستی جیاواز، هەندێک لێکچوون و تایبەتمەندی هاوبەشی لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی پەکەکەو تورکیا هەیە و دەتوانن بۆ شیکردنەوەی بابەتەکە بە کەڵک و پەیوەندار بن.

## گەریلاکانی فارک و کۆلۆمبیا

فارک (FARC) دامەزراندنی خۆی لە ساڵی 1964 بە دەستپێکردنی خەباتی چەکدارانە بۆ بەدیهێنانی کۆماری سۆسیالیستی لە کۆلۆمبیا ڕاگەیاند. ئەوان لەسەر پرسی نەتەوەیی هیچ لە پەکەکە ناچن و کێشەکەیان زۆرتر ئابووری-کۆمەڵایەتی بووە. لێکچوونی سەرەکی فارک لە تەک پەکەکە بۆ خەباتی چەکداری و ئایدیولۆژی چەپ و دژایەتی کاپیتالیزم دەگەڕێتەوە. فارک لەسەر هەمان بنەمای مارکسیستی-لینینیستی دامەزران. و تا 2016 لەگەڵ دەوڵەتی کۆلۆمبیا لەشەڕدا بوون. شەڕەکە کووژرانی زیاتر لە 200 هەزار کەس و ئاوارەبوونی ملیۆنان کەسی لێکەوتەوە. ئەم دوو لایەنە، ساڵی 2016 توانیان دوای 4 ساڵ گفتوگۆکردن شەڕەکە ڕاگرن و ڕێکەوتنی ئاشتی واژۆبکەن. ڕێکەوتنێک کە چارەسەری ڕیشەیی کێشەکان و سەقامگیری لێنەکەوتەوەو، هێشتا ڕووبەرووی کۆسپ و تەگەرەیە. هەندێک خاڵی سەرەکی ئەم ڕێکەوتنە لێکچوونی لەگەڵ پرسی پەکەکەو تورکیاوە هەیە. بۆ وێنە بەشێکی فارک بەو ڕێکەوتنە ڕازی نەبوون و بەناوی دیکەوە بەردەوامییان بە چالاکی چەکدارانەیان داوە (García-Godos, 2024).هەروەها فارک چەکیان داناو خەباتی پەرلەمانی و سیاسییان بە دامەزراندنی حیزبی کۆموونێس دەستپێکرد. ئەم بابەتە زۆر وێکچوونی لەگەڵ بانگەوازەکەی ئۆجەلان بۆ خەباتی سیاسی هەیە.

لێرەدا گرنگە بپرسین سەرئەنجامی ئەم ڕێکەوتنە بە کورتی چی لێهاتووە؟ چەک بێدەنگ بوو، خەباتی سیاسی جێگەی گرتەوە. دادگەی گۆڕینەوەی دادپەروەری (JEP) -تایبەت بە لێکۆڵنەوە لە تاوانەکانی شەڕ- دامەزرا، کە ئەرکی پاراستنی هەردوو لایەنی فارک و حکومەتی لە ئەستۆ گرتووە. ڕێژەی توندوتیژی، ئاوارەیی و کوشتن لە چاو ڕابردوودا زۆر دابەزیوە. لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێک خاڵ جێبەجێنەکراو ماونەتەوە، لەوانە شکستی دابەشکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی وەک زەوی، کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی پێشووی فارک، پرۆژەی کۆکاین و دەرمانی نایاسایی، چالاکی چەکداری پاشماوەکانی فارک (ELN-EP)، نایەکسانی حکومەتی لە خزمەتگوزاری ئابووری و کۆمەڵایەتی، بوونی ناوچەی نائارام، هتد (García-Godos, 2024).

بەسەیرکردنی ئەم مێژووە دەردەکەوێت، کە پەکەکە و ئۆجەلان و حکومەتی تورکیا دەتوانن ڕووبەڕووی ئەگەرەکانی سەرکەوتن و شکست ببنەوە. پەکەکە لەم قۆناغەدا بە ئەرێنی و بەشێوازی ئاگربەست نەک چەکدانان و هەڵوەشانەوە پێشوازی لە خواستی ئاگربەست و بانگەوازەکەی ئۆجەلان کردووە. هاوکات سەرکەوتنی پرۆسەکە بە کۆمەڵێک مەرجی ڕێکەوتن و گەرەنتی سیاسی باوەڕپێکراو دەبەستێتەوە، کە هەندێکیان بریتین لە: ئازادی سەرکردەکانی کورد، بەشداری و بەڕێوەبەری کۆنگرە لە لایەن ئۆجەلانەوە، هەلومەرجی دیمۆکراتیک و یاسایی، ڕاگرتنی هێرشی تورکیا بۆ پاراستنی ئاگربەستەکە، پێویستی مسۆگەرکردنی مەرجەکانی ئۆجەلان و جێبەجێکردنیان (ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەری پەکەکە، 2025)

## پڵنگەکانی تامیل و حکومەتی سریلانکا

ساڵی 1976 پڵنگەکانی ڕزگاریخوازی تامیل (LTTE) دامەزراندنی خۆیان بۆ سەربەخۆیی تامیلیەکان لە سریلانکا ڕاگەیاند. پڵنگەکانی تامیل لەبابەتەکانی خەباتی گەریلایی، دەوڵەتی سێکۆلاری، خەباتی نەتەوایەتی و ساڵانی دروستبوونیانەوە، نزیکی و لێکچوونیان لەگەڵ پەکەکەدا هەیە. هەم پەکەکە و هەمیش پڵنگەکانی تامیل لەسەرەتاکاندا داوای سەربەخۆییان بۆ نەتەوەکەیان دەکرد، بەڵام ساڵانی دواتر سیاسەتی دیکەیان هەڵبژارد. پڵنگەکانی تامیل ساڵی 2002 بە ڕێکەوتنی ئاشتی (CFA) لەگەڵ حکومەتی ناوەندی خەباتی سیاسییان خۆیان لەچوارچێوەی سریلانکادا دەستپێکرد. هەندێک لەخاڵە سەرەکییەکانی ئەو ڕێکەوتنە پێکهاتبوون لە: ئاگربەستی دوولایەنە، ڕاگرتنی چارەسەری چەکداری و گرتنەبەری چارەسەری سیاسی، ناونەبردنی پڵنگەکانی تامیل وەک تیرۆریست و دانپێنانیان وەک لایەنێکی سیاسی و یاسایی، کشانەوە کەمکردنەوەی سووپای حکومەتی لە هەندێک ناوچەی تامیل، دروستکردنی گرووپێکی چاودێرانی بێلایەنی نێودەوڵەتی بۆ ڕێکەوتنەکە و چەندین خاڵی دیکە(Haugan, 2024).

لێرەدا باسکردنی دوو خاڵی سەرەکی ئەم ڕێکەوتنە بۆ خوێندنەوەی بەراوردکارانە لەگەڵ پرسی ئاشتی پەکەکەو تورکیا، بایەخدارو پەیوەندیدارن: یەکەم ئەوەی ئەم ڕێکەوتنە لە ڕاستیدا ئاگربەستی کاتی دوولایەنە بوو نەک ڕێکەوتنی ئاشتی. ئامانجی ڕێکەوتنەکەش درێژەپێدانی دانووستانەکان بۆ چارەسەری ئاشتی درێژخایەن بوو. دووەم ئەوەی ڕێکەوتنەکە لەسەر بنەمای چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پڵنگەکانی تامیلدا نەبوو، بەڵکو ڕێگەیان پێدرا چەکەکانیان بپارێزن؛ ئەویش بەومەرجەی لەکاتی ناکۆکیدا بەکاری نەهێنن. ساڵانی دواتر خاڵەکانی ئەو ڕێکەوتنە لە هەردوولاوە پێشێلکران و شکستیخوارد. حکومەت بۆ نموونە بەوە تۆمەتبار دەکرا کە بە پلانی نهێنی توانی جیابوونەوەی لەناو پڵنگەکانی تامیل لەساڵی 2004 دروستبکات. هەروەها دەست بە کوشتنی گوماناوی زۆرێک لە ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی تامیلی بکات و چاوپۆشی لە مافە نەتەوەیەکانی تامیلیەکاندا بکات. لەو لاشەوە، پڵنگەکانی تامیل تۆمەتبار دەکران بە بەکارهێنانی منداڵان، تیرۆری حکومەتییەکان و نەیارانی خۆیی. هەروەها گرنگترین خاڵ، بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی 2005 ناچارکردنی خەڵک بۆ بەشدارینەکردنیان، کە هاتنە سەرکاری سەرۆککۆمارێکی توندڕەوی لێکەوتەوە (International Alert, 2025). بۆیە ساڵی 2006 کاتێک پڵنگەکانی تامیل ئاوی بەنداوێکیان گرت و ژیان و گیانی خەڵکیان خستە مەترسییەوە، کێشەکان تەقینەوە. ئەمەش خاڵی وەرچەرخان و لەناوچوونی پڵنگەکانی تامیلی لێکەوتەوە. ئەوان بەنداوەکەیان وەک تاکتیکێک بۆ گووشار خستنەسەر حکومەت بەکارهێناو دانووستانیان ڕەتکردەوە، کەچی حکومەت ئەمەی وەک دەرفەت بەکارهێناو بە هەڵمەتی سەربازی بەرفراواندا، توانی دواجار پڵنگەکانی تامیل لەساڵی 2009 بەتەواوی لەناوبەرێت. (Haugen, 2024)

ئەزموونی پڵنگەکانی تامیل و حکومەتی سریلانکا هەندێک لێکچوون و جیاوازی هەیە بە بەراورد پرۆسەری ئاشتی تورکیاو پەکەکە. ئەگەرچی ئۆجەلان لەسەر داوای دەوڵەت باخچەلی و حکومەتی تورکیا، داوای چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پەکەکەی کردووە، بەڵام هەر جۆرێک بڕیاردانی لەو بارەوە بۆ پەکەکەو کۆنگرەکەی هێشتۆتەوە.هەڵوێستی بەڕێوەبەری پەکەکە بەرامبەر بانگەوازەکەی ئۆجەلان، تا ئێستاکە ئاگربەست بووە نەک چەکدانان و هەڵوەشانەوە (ڕاگەیندراوی پەکەکە، 2025) . پرسیار ئەوەیە ئایا ئۆجەلان و پەکەکە، دواجار ئامادەن هاوشێوەی پڵنگەکانی تامیل چەکدادەنین؟ ئایا تورکیا لە پشت پەردەوە کار بۆ هەمان ئەزموونی حکومەتی سریلانکا دەکات؟ ئایا ئەمە وەک سیاسەتی تاکتیکی و ئەزموونی بەکار دەبات تاکوو پەکەکە لەداو بخات و لەناو تورکیاو باکووری کوردستاندا هەوڵی سڕینەوەیان بدات؟ ئایا لەو حالەتەدا، پەکەکە ئەزموونی شکستخواردووی پڵنگەکانی تامیلی بۆ دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لەناو شارەکان لەبەرچاوە؟ ئایا کەڵک لە ئەزموونی شکستخواردووی خۆیان لە گواستنەوەی شەڕ بۆ ناو شارەکاندا

وەردەگرن؟ ئایا ئۆجەلان و پەکەکە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنییان بۆ مەترسییەکانی هەڵوەشانەوەو چەکدانانیان لەرێکەوتنی ئاشتیدا کردووەو دەیکەن؟ ئایا لە پشت پەردەوە داوای چاودێری نێودەوڵەتی بە بەشداری بریتانیاو ئەمریکا کراوە؟ ئایا پەکەکە دوای 26 ساڵ هەمان ئەو حیزبەیە کە بە هاودەنگی گوێ لە رێبەرەکەی و بانگەوازەکەی بگرێت؟ ئایا ئەگەری جیابوونەوەو سەرهەڵدانی باڵی جیاوازی نێو پەکەکە هەیە؟ ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بەرەو کام لا دەچن ئەگەر باڵێکی چەکدارانەی دیکە دروست ببێت؟ ئایا لە پشت پەردەوە باسی ئەمجۆرە سێناریۆیە کراوەو چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟

وەڵامی زۆرێک لەم پرسیارانە، تێپەرینی کات و داهاتووی ڕووداوەکان دەیدەنەوە. ئەوەی لەم برگە زەمەنییەدا پێویستە بگووترێت ئەوەیە کە هەردوو لایەنی پەکەکەو تورکیا، خاوەنی ئەزموون، مێژوو و هێزی هزری و کردەیی خۆیانن. بۆیە دوور لەباوەرە کە خوێندنەوەی قووڵی خۆیان بۆ ئەم بابەتانە نەکردبێت. ئەمرۆکە زەحمەتە لایەنەکان بتوانن فێڵ بکەن و یەکدی هەڵخەڵەتێنن. هەرچەندە مێژووی دانووستان بۆ کورد پیشاندەری لاپەرەی ڕەشە چونکە کۆمەڵێک سەرکردەی ژیرو مێژوویی خۆی لە رێگەی گفتۆگۆو دانووستان لەگەڵ نەیارەکانیاندا لەدەستداوە، بەڵام دۆخی ئەمرۆکەی کوردستان و جیهان جیاوازەو گۆڕدراوە. جیهانیبوون و بە نێودەوڵەتیبوونی پرسەکە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەمجۆرە هەڵە کووشندانە کەم دەکاتەوە.

## هۆکارەکانی پرۆسەی ئاشتی

چەندین هۆکاری جۆراوجۆری نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی لە پشت دەستپێشخەری دەولەت باخچەلی و حکومەتی ئەردۆغانەوە بۆ پرۆسەی ئاشتی هەن، کە لەخوارەوە بە کورتی باس دەکرێن.

### هۆکارە ناوخۆییەکان

حکومەت و وڵاتی تورکیا گیرۆدەی چەندین کێشە و قەیرانی ناوخۆیی ئابووری و سیاسییە. پێگەی سیاسی ئەردۆغان و پارتەکەی دوای شکستیان لە هەڵبژاردنەکان لە ئانکارا و ئیستانبۆل بەرەو لاوازی و لەرزۆکی ڕۆیشتووە. سیاسەتی سەرۆک و پارتەکەیان کەمکردنی دەنگی پشتگیری کوردانی لێکەوتۆتەوە و دەنگی کورد بۆ بەهێزکردنی دەم پارتی چووە (دەنگی ئەمریکا 2024). گەڕانەوەی ئەم دەنگانە و رێکەوتن لەگەڵ کورد، هۆکارێکی سەرەکی وروژاندنەوەی پرسی ئاشتییە بۆ ئەوەی خۆی، حیزبەکەی و هاوپەیمانەکەی لەدەسەلاتدا بمێننەوە. بەم هەنگاوە هەوڵدەدا لە لایەک خۆی بە سەرۆکێکی ئاشتیخواز بناسێنێت تاکوو دەنگی کوردی بۆ بگەڕێتەوە. لەلایەکی دیکەوە خۆی وەک تاکە رێبەری

قەیرانە ئابووریەکان و کۆکەرەوەی یەکێتی خاک و خەڵک بناسێنێت، تاکوو دەنگی تورکە ناسیۆنالیست و لایەنگرە ئیسلامییە نارازییەکانی بۆ بچێت. بەکورتی، ئەردۆغان خەونی گۆڕینی دەستوور و مانەوەی لە پۆستی سەرۆکایەتی بۆ ساڵانێکی دیکەو زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی بەرفراوانی هاوشێوەی سەردەمی عوسمانی هەیە ( Darwin, 2025). ئەمەش دەکرێت بە ڕوونی لە هەوڵدانی ئەردۆغان و داموودەزگا حکومەتییەکانی بۆ بەدەرکردنی رکابەرەکانی بەدی بکرێت. نوێترین نموونە دەستبەسەرکردن و هەڵوەشاندنەوەی بڕوانامەی ئەکرەم ئیمامئۆغڵویە، کە بە ڕکابەری سەرەکی ئەردۆغان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆککۆماری تورکیا دەناسێندرا (BBC News, 2025). هۆکارێکی بەهێزی دیکە بۆ ئابووری ئیفلیجی تورکیا و بووژانەوەی دەگەڕێتەوە کە خراپی گووزەرانی خەڵک و وڵاتەکەی لێکەوتۆتەوە. لەوانە دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانە بکەین: ، دابەزینی بەرچاوی نرخی لیرو سزا نێودەوڵەتییەکان، تێچووی زۆری ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان، ناسەربەخۆبوونی بانکی ناوەندی و دابەزاندنی ڕێژەی سوود، هەڵاوسان، قەرزی دەرەکی فرە، دوورکەوتنەوەی سەرمایەدارانی ناوخۆیی و بیانی، تێچووی بەرزی وزە، هەڵکشانی ڕێژەی بێکاری، ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری، هتد (Neumann, 2025). لە پاڵ ئەمانەش و گشت خوێندنەوەیەکی ستراتیژی دیکە، تورکیا دەزانێت شەڕی پەکەکە جگە لە زیانی گیانی، هەڵگری تێچووی گرانی ئابووریشەو پێویستە چارەسەرییەک بۆ ئەم بابەتە بدۆزێتەوە.

**هۆکارە ناوچەییەکان**

یەکێک لە خاڵە هەرە سەرەکییەکانی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی گۆڕانکاری جیۆپۆلیتی نوێ لە ناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. گۆڕانکارییەک کە بە سەرهەڵدان و کۆتاییهاتنی داعش و دروستبوونی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا دەستیپێکرد. دواتر بە شەڕی حەماس- ئیسرائیلی دەستیپێکردەوەو لەئاکامدا ئیسرائیلی لەپاڵ وڵاتانی تورکیا، سعودیە و ئێران کردە زلهێزی ناوچەیی. ئەمەش لە سەرکەوتنەکانی ئیسرائیل بەسەر حەماس، حیزبوڵڵا، حوسیەکان و هەروەها لاوازکردنی ئێران و بریکارەکانیدا دەردەکەوێت. لەدرێژەی گۆڕانکارییەکاندا کە ڕووخانی ڕژیمی ئەسەدی لێکەوتەوە، ئیسرائیل هەستی بە مەترسی بەرامبەر بە دەسەڵاتی تازەی دیمەش و بوونی تورکیا لە سوریا کرد. هەربۆیە بەخێرایی لە بەشێکی ستراتیژی خاکی سوریادا خۆی سەلماند و ئێستاش بەوردییەوە کار و چاودێری گۆڕانکارییەکانی سوریا دەکات.

توركیا بەرامبەر بە پلانەکانی ئیسرائیل بۆ بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی لە ناوچەکە تووشی ترس و کاردانەوە بووە. بۆیە پێیوایە ئیسرائیل بە پشتگیری ئەمریکا و ئەورووپا، لەڕێگەی پلانی ڕێڕەوی داقیدەوە، هەوڵی هاوپەیمانی لەگەڵ کورد و کەمە ئایینی و نەتەوەییەکانی دیکەی ناوچەکە دەدات (ڕۆژە، 2025). ئەمەش لە لایەک دەتوانێت کیانی سەربەخۆ بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکەی لێ بەرهەم بێت و لە لایەکی دیکەوە سەرهەڵدانی ئیسرائیلی گەورە بە گوێرەی ڕێڕەوی داقیدەوە لێبکەوێتەوە. ڕێڕەوەی داقید وادەکات ئیسرائیل ڕێڕەوی ئاسایشی وڵات و سەقامگیری ئابووری خۆی پەرەپێبدات. بۆیە سنوورەکانی ئەم ڕێڕەوە لە ئیسرائیلەوە دەستپێدەکات تاکوو دەگاتە بەشێک لە فەلەستین، لوبنان، یەمەن، سوریا و عێراق و ڕەنگە تورکیاش (موحەمەد، 2023).

توركیا ئێستاکە سیاسەتی ناوچەیی خۆی لە ناچالاکی بۆ چالاکی و ئامادەبوونی دیاری لە سوریاو بەشێک لە عێراق و هەرێمی کوردستان گۆڕیوە. بۆیە دەکرێت پرۆسەی ئاشتی لەژێر ڕووناکی ئەم گۆڕانکاریانەدا ببینیرێت و تورکیا بۆ ئەم ئامانجە پەنای بۆ ئۆجەلان بردووە. تورکیا پێیوایە لە ئەگەری سەرکەوتنی پرۆسەکە، ئەوا دەتوانێت کورد بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و لە ئیسرائیل دووریان بخاتەوە ڕێگری لەهێنانەدی ڕێڕەوی داقیدەوە بکات. بەتایبەتی ئێستاکە کە دۆسییەی کورد لە ڕۆژئاوادا کەوتووەتەوە نێو هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا، کە تیایدا شارەزایانی بیانی باسی ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی دەکەن (Neumann, 2025). تورکیا ئەمە بە مەترسی دەبینێت و بە وەگەڕخستنەوەی باسی ئاشتی هەوڵی دوورخستنەوەی ئەم مەترسییە لە دەورووبەری خۆی دەدات. (Dargın, 2025).

### هۆکارە جیهانییەکان

تورکیا ئاگاداری نەزمی نوێی جیهانی وگۆڕانکارییەکانە. بەرژەوەندی زلهێزان، جیهانی بەرەو نەزمێکی نوێ پاڵ پێوە ناوەو دەنێت. ئەمەش لە دوای شەڕی ڕووسیا و ئۆکراین زیاتر دەردەکەوێت. شەڕێک کە ناکۆکی نێوان ڕووسیا و ئەورووپا لێکەتۆتەوە. ئەورووپا پێشتر، تا ساڵی 2021 جگە لە نەوت و خەڵوز، نزیکەی ٤٠% گازی سرووشتی خۆی لە ڕووسیا دەکری. ئێستا بەهۆی هاوکێشە جیهانییەکان و شەڕەوە، باس لەوە دەکرێت ئەورووپا و ڕووسیا لە ئێستا و داهاتوودا لاواز دەبن و بەدوای فرۆشیارو کڕیاری نوێدا دەبن. ئەمەش دەبێتە هۆی پاڵنانی زیاتری ڕووسیا بەرەو لای وڵاتی چین و دواجار گرێدراوی مسکۆ بەو وڵاتەوە. هەربۆیە نەزمی نوێی جیهانی ڕەنگە بەرەو دووجەمسەری بەسەرۆکایەتی ئەمریکاو چین یان

چەند جەمسەری ئەمریکا، ئەورووپا، چین و ڕوسیا بڕوات، کە ئەمڕۆکە هەست بە نیشانەکانی دەکرێت (موحەمەد، 2022).

لە ڕاستینەبوونی ئەم نەزمە نویٛ جیهانییە و پێکدادانی بەرژەوەندییەکان، مەزەندەی گۆڕانکاری مەزن لە جیهان و ناوچەکەدا دەکرێت. بۆیە بەسەرنجدان بە بەرزکردنەوەی بودجەی سەربازی وڵاتانی دنیا، بوونی وڵاتانی زلهێز لە ناوچەکە و هاوپەیمانانیان وادەکات کە ئەگەری دابەشکردنی وڵاتان بەسەر بەرژەوەندی جیاواز و یاری سیاسی جیاوازدا دروست ببێت. بۆیە نەزمی نوێی جیهانی دەتوانێت هاوکێشە ناوچەییەکان بۆ ئیسرائیل، سعودیە، ئێران و تورکیا بایەخدارتر و چالاکتر بکات. نیشانەکانی ئەم نەزمەش دوای هاتنە سەرکاری ترامپ زیاتر دەردەکەوێت. ئێستاکە هەر دوای هەڕەشەکردنی ترامپ لە خامنەیی، ئەوا هاوکاریی و مانۆری هاوبەشی سەربازی وڵاتانی ئێران-ڕووسیا-چین لە ئاوەکانی نزیک بەندەری چابەهار بەڕێوەدەچێت (Global Times ، مارسی 2025).

دوو زلهێزی چالاکی تازەی ناوچەکە تورکیا و ئیسرائیلن. ئەم دوو وڵاتە پێشتر هاوپەیمانی ستراتیژی یەکتریبوون و بە پلانی هاوبەشی نێودەوڵەتی توانییان لە ساڵی 1999 ئۆجەلانیان دەستگیربکەن(Petti, 2021). بارودۆخی جیاوازی ناوچەکە و جیهان وادەنوێنێ کە هەریەکە لەم وڵاتانە بە پلانەوە بۆ هاوپەیمانی نویٛ دەگەڕێن. کار گەیشتۆتە ئاستێک کە ئەردۆغان ئیسرائیل بە وڵاتێک ناودەبات کە چاوی لە خاکی تورکیایە (Routers، ئۆکتۆبری 2024). بۆیە بارودۆخی هەنووکەیی سووریا و ئەگەری تەقینەوەی ناکۆکییەکان و گۆڕانکارییەکان نەک تەنیا بۆ تورکیا و ئیسرائێل گرنگن بەڵکو چاوی زلهێزەکانی دیکە ناوچەکە و جیهانی لەسەرە.

تورکیا ئەگەرچی ئەندامی ناتۆیە و بەناو لەبەری ڕۆژئاوادایە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا موشەکی بەرگری ئێس 400 و چەکی دیکەی لە ڕوسیا کڕیوە. ئەم سیاسەتە پۆپولیستیی و پراگماتیکییەی ئەردۆغان کاردانەوە و سزادانی تورکیای لێکەوتۆتەوە لەلایەن بەرەی ڕۆژئاواوە (Neumann, 2025). لە پەراوێزی ئەمەدا یەکێتی ئەورووپا و ڕۆژئاوا ئاگاداری پلانی پلانی ناسیۆنالیستی-ئیسلامی ئەردۆغانن و ڕەخنەو تێبینی خۆیان لەسەر پرسی مافەکانی مرۆڤ و کێشەی دەسەڵاتخوازی بێسنووری ئەردۆغان هەیە (Lie, 2024). لە سووریا، ئەمریکا لەگەڵ ڕۆژئاوا و هەسەدە هاوپەیمانی هەیە. بۆیە لەگەڵ تورکیادا لەو بارەوە ناکۆکی زۆریان هەبووە. ئەمەش دەکرێت پاڵنەرێکی دیکە بێت کە تورکیای بەرەو پرۆسەی ئاشتی بردبێت. ئایا تورکیا خوێندنەوەی خۆیان بۆ گۆڕانکارییەکان هەبووە و ئێستاکە دەیانەوێت وەک ڕابردوو، بە یەکێتی تورک-کورد شەڕی نەیارەکانیان بکەن و بەو شێوەیە نەهێڵن تورکیا

دابەش بێت؟ یان تورکیا دەیەوێت دژی بەرژەوەندی ئەمریکا ڕانەوەستێت و بە کارتی ئاشتی لەگەڵ کورد، هاوسەنگی بپارێزێت و لەبەرەی ئەمریکاو ناتۆ دەرنەچێت؟

ئەمانە پرسیارگەلێکن کە وەڵامدانەوەیان بە ناڕوونی و ئاڵۆزییەوە دەمێنێتەوە. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە لە ئەگەرەی سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتیدا، ئەوا ئەگەری هەیە تورکیا لە زۆر بواردا پڕدەستکەوت ببێت، لەوانە دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانە بکەین: پەیوەندی باشتر لەگەڵ ئەورووپاو ئەمریکا، سووکبوون و نەمانی سزاکانی ئەمریکا، نەمانی بارگرانی ئابووری و سیاسی بەهۆی بوونی ئاستی زۆری پەنابەرانەوە، بەهێزکردنی پێگەی دیپلۆماتیکی تورکیا، پیشاندانی تورکیا وەک هێزێکی ئاشتیخواز، ئاسایشی سیاسی و سەقامگیری ئابووری، بەرزبوونەوەی نرخی لیرە، ڕێکەوتنی بازرگانی و گەڕانەوەی سەرمایەداران ناوخۆیی و دەرەکی، پێداچوونەوەی واشنتۆن بە فرۆشتنی فرۆکەی ئێف 16 بە ئانکارە و هتد. هەربۆیە یەکێک لە هۆکارە هەرەگرنگەکانی پەنابردنی بۆ لای ئۆجەلان دەتوانرێت ڕەچاوکردنی ئەم ئەگەرانەو ترسی تورکیا لە شکاندنەوەی گۆڕانکاریەکانی بە قازانج کورد بێت. ئەمەش لە وتەکانی باخچەلیدا بەجوانی دەردەکەوێت، کە دوای دەسپێشخەری و دەستدانە سەرسووڕهێنەرەکەی لەگەڵ نوێنەرانی دەم پارتییدا، ڕایگەیاند: ``لە کاتێکدا سنوورەکانی دەوروبەرمان سەرلەنوێ دەکێشرێنەوە و سیستەمی جیهانی تا ڕەگ و ڕیشەی خۆی دەلەرزێت، پەرلەمانەکەمان لەڕێگەی کەرامەت و عەقڵی ساغ و کۆدەنگی, هەم وڵاتەکەمان و هەم جوگرافیاکەمان ڕێنمایی دەکات`` (ڕۆژنامەی حورییەت، 2025).

### ئەگەرەکانی شکست، یان سەرکەوتنی پرۆسەکە

لەنێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیادا چەندین جار هەوڵی دانووستان و ئاشتی دراوە، بەڵام هیچ ئاکامێکی ئەرێنی نەبووە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە هەندێکیان بکەین: دانووستانی پەکەکە و حکومەتی تورگوت ئۆزال لە ساڵی 1993، کە ساڵانی دواتر بەهۆی مردنی گوماناوی ئۆزال ڕاگیرا. ڕاگەیاندنی ئاگربەستی پەکەکە لە ساڵانی 1999 تا 2004. سەرنەگرتنی دانووستانە نهێنییەکانی ئۆسلۆ لە ساڵانی 2009-2011. پرۆسەی ئاشتی ساڵی 2013 و هەڵوەشانەوەی لە ساڵی 2015 (ڕۆژهەڵاتی، 2024). دواجار پرۆسە ئاشتی ئێستایە، کە بە بانگەوازەکەی ئۆجەلانەوە ڕاگەیاندرا. ڕابردووی ئەم دانووستانانە پیشاندەری مێژووی شکستن، کە تیایدا لایەنەکان یەکدی بە بێمتمانەیی، سوورنەبوون و نیازپاکنەبوونی تۆمەتبارکردووە. ئێستاکە پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیەش وەک دانووستانەکانی پێشوو تووشی شکست دەبێت، یان مێژوویەکی دیکە تۆمار دەکات؟

بە کورتی سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە لایەک پەیوەستە بە بڕوا، هەنگاو، متمانە، شێلگێری و پابەندبوونی پەکەکە و تورکیا بە دانووستان و ڕێکەوتنەوە. لە لایەکی دیکە پێویستی بە خواستی کۆمەڵگە و پشتیوانی خەڵکی ئاسایی و هەبوونی لایەنی سێیەمی نێودەوڵەتی کە نێوەنگیری و چاودێری پرۆسەکە بکات.

بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، ڕەوتی ناسیۆنالیستی تورکی بە سەرۆکایەتی باخچەلی داوایکرد ئۆجەلان بڕواتە پەرلەمان و بانگی کۆتاییهێنان بە پەکەکە و چارەسەری ئاشتی بکات. ئەمە لە خۆیدا هەنگاوێکی مێژووییە چونکە لە رابردوودا بە گووتار و کردار نکۆڵییان لە کورد و پرسی ناسنامەی کردووە. ئێستاکە کە ئەم داوایە کراوە و ئۆجەلان و پەکەکە پێشوازییان لێکردووە، سەرکەوتنی پرۆسەکە بە بڕواو شێلگێڕی بە چارەسەری دوولایەنە گرێدەدرێت. هەربۆیە متمانەدروستکردن و سووربوون لەم قۆناخەدا دێتە ئاراوە. ئۆجەلان بە بانگەوازەکەی و پەکەکە بە ڕاگەیاندنی ئاگەربەست هەنگاوی سەرەتاییان ناوە. لەو لاشەوە، تورکیا خواستی خۆی بۆ ئاشتی دەربڕیوە بەڵام چاوەڕوانی هەنگاوی کرداری لێدەکرێت. چاوەڕوانی ئەوە هەیە کە تورکیا دانووستانی لەگەڵ سەرکردایەتی پەکەکە هەبێت و هەوڵی ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی، سەرۆک شارەوانیەکان و سەرکردەکانی هەدەپە بدات. لەسەرووی هەمووشیانەوە چاوەڕوانی ڕاگرتنی هێرشەکانی لێدەکرێت کە دژی پەکەکە لە عێراق و سوریادا بەڕێوەیدەبات.

ئەگەری شکستی ئەم دانوستانانە زیاتر بۆ بێمتمانەیی، نیازخراپی و سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی دەگەڕێتەوە. هەردوو کۆمەڵگەی کورد و تورک مێژووی توندوتیژییان لەگەڵ یەکدا ئەزموون کردووەو ڕەوینەوەی ئەم گومان و بێمتمانەییەش پێویستی بە ئامادەیی هەر دوو کۆمەڵگەکە هەیە. پێویستە هەردوو لایەنی حکومەت و پەکەکە کار بۆ ئەم بابەتە بکەن. هەردوو لایەنی پەکەکەو حکومەت هەروەها ترسی ئەوەیان هەیە کە فێڵیان لێبکرێت و پرۆسەکە نەک چارەسەری بەڵکو تاکتیکی ستراتیژیک بێت. لە لایەک پەکەکە بە گومان و بێمتمانەیی سەیری نیازپاکی و خواست تورکیا بۆ چاڕەسەری ڕاستەقینە وهەنگاوی کرداری دەکات. لەلایەکی دیکەوە تورکیا بە گومانەوە دەڕوانێتە ویستی ڕاستەقینەی پەکەکە بۆ چەکدانان و هەڵوەشانەوە. لەپاڵ ئەمەشدا، ئەگەری ئەوە هەیە بانگەوازەکە لە لایەک ناکۆکی نێوخۆیی پەکەکە و کوردی لێبکەوێتەوە و لە لایەکی دیکەوە ناسیۆنالیستە تووندڕەوەکانی تورکیا دژی بوەستنەوەو پرۆسەکە بەرەو توندوتیژی و شکست ببەن. لێرەدایە کە پێویستە لە هۆکارەکانی ئەم ترس و گومانەی کورد و تورک بکۆڵینەوە، کە پرۆسەکە لەبەردەم دەرفەت ومەترسیدا دەهێڵنەوە.

## دەرفەتەکان و مەترسیەکانی بانگەوازەکە

بانگەوازەکەی ئۆجەلان بەچڕی گۆڕەپانی سیاسەت و میدیایی هەردوو کۆمەڵگەی تورکی و کوردی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە. بەشێکی زۆر لە خەڵکی پسپۆر و ئاسایی هەردوولا، ترس و نیگەرانی خۆیان لە دەقی بانگەوازەکە و ئامانجی پرۆسەکە هەیە. ناڕوونی دەقەکە وادەکات خوێنەر و لایەنەکان هەم بە دەرفەت و هەم بە مەترسی بیخوێنەوە و تێبگەن. بۆ لایەنی کوردی دەکرێت دەرفەتەکە لەجێگۆڕکێی وشەکان (کۆدەنگی دیموکراتیک، دابەشبوون و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی ، فیدراسیۆن، لۆکاڵی، شوناس) و پێداگری لە خواستی نەتەوەیی (کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیک) بە زمانی ئاماژە بێت. لەکاتێکدا دەرفەتەکە بۆ تورک دەتوانێت یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی تورکیا و هەڵوەشانەوە و چەکدانانی پەکەکە بێت. ئەمە دەفەتێکی گرنگە بۆ تورکیا کە بتوانێت بە ڕێکەوتن و یەکێتی لەگەڵ کورددا، ماڵی خۆی ڕێکبخات و وڵاتەکە لە دابەشبووندا بپارێزێت. هاوکات تورکیا دەتوانێت دەم پارتی نەک وەک هەڕەشە بەڵکو وەک لایەنێکی سەرەکی سیاسی و یاسایی بەکەڵک لەو وڵاتەدا ببینێت، کە ڕۆڵی گرنگیان لە سەرخستن یان پەکخستنی پرۆسەی ئاشتی و دیمۆکراسیدا هەیە.

بەشێک لە کورد مەترسییەکە لەوە دەبینێت کە ئۆجەلان بەناچاری یان بەهۆی پراگماتیکبوونەوە، وەرچەرخانێکی هزری بەسەردا هاتبێت و پاشەکشێی لە پرسی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی کۆنفیدرالیزم و خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک کردبێت. بەمەش تەنیا بەدوای مافێکی سیاسی و یاسایی کوردبوون لە چوارچێوەی تورکیای دیمۆکراتدا بێت. بۆیە بانگەوازەکە لەچوارچێوەی گووشار و فریودانی کورد لەپێناو خواستی حکومەتی تورکیا لێکدەدەنەوە. لەبەر ئەمەش ترسیان هەیە کە بە چەکدانان و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە، نەک تەنیا ئەندامان و سەرکردەکانیان تووشی سزاو کوشتن بنەوە، بەڵکو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیش لە باکوور بەرەو هەڵدێر ببەن. هەروەها ترسی ئەوە هەیە ئۆجەلان و پەکەکە بە تەواوێتی لەخواستی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی خاک و کیانی کوردیدا بکشێنەوە. بەمەش بشێوی وجیابوونەوە بخەنە ناو کوردو پەکەکەوە. لە سەرووی هەمووشیانەوە باسی مەترسی دوورخستنەوەی کورد لە قۆستنەوەی دەرفەتە چاوەڕوانکراوەکان دەکەن. بۆیە بانگەوازەکە لەچوارچێوەی پلانی تاکتیکی و ستراتیژی سیاسی تورکیا بۆ ڕێگریکردن لە ئەگەری دروستبوونی گۆڕانکاری قووڵ لە ناوچەکە و بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی تورکی دەبینن. بە پێچەوانەشەوە، تورکەکان مەترسییەکە لەوەدا دەبینن کە بانگەوازەکە تاکتیکێکی ستراتیژی بۆ گەیشتن بە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک بێت ، نەک تەنیا دیمۆکراتییەک کە تەنانەت پێناسە نەکراوە. ئەوان دەرفەتدان بە ئۆجەلان و پەکەکە بە مەترسی بەهێزکردنیان و خۆناساندنیان بە

ئاشتیخواز لە ئاستی دونیادا دەزانن. جەختکردنەوەی ئۆجەلان لە دانووستان و دیالۆگدا، بە دانپێدانان و ڕەوایەتیدان بە پەکەکە لێکدەدەنەوە و بە هەڕەشەی دەزانن. هەروەها بە هەڕەشە و گووشارێک بۆ حکومەت دەیبینن، چونکە دەتوانێت ناکۆکی و نائارامی نێوان لایەنەکانی لێبکەوێتەوە، بەتایبەت لەناو خودی ناسیۆنالیستەکاندا. نیگەرانن کە ئەو تەپڵی سەرکەوتنەی سیاسییەکان و لایەنگرانیان حکومەت لە میدیاکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە لێیدەدەن، نەک تەنیا نەبێتە هۆی شکسی پەکەکە بەڵکو هێزو پێگەی پەکەکە و ئۆجەلانیش بەرزبکاتەوە (سەنتەری توێژینەوەی جیهانی Yetkin Report; & 2025 TRT).

## خوێندەوەیەک بۆ دەرفەت و ئەگەرەکانی بانگەوازەکە

هێنانەئارای دیمۆکراتی وەک ڕێگەی چارەسەری بۆ کورد لە لایەن ئۆجەلانەوە بابەتێکی نوێ نییە، چونکە ئەم مژارە لە کۆمەڵە پەرتووکی مانێفێستی شارستانیەتی دیموکراتیک بەڕوونی هەڵوەستە و پێداگری لەسەر کردووە. ئۆجەلان شکڵی دەوڵەت-نەتەوە وەک ئامرازێکی چەوساندنەوە و ناوەندگەری دەسەڵات دەبینێت کە نەتەوەپەرەستی و دیکتاتۆری لێکەوتۆتەوە. هەروەها سەرمایەداری فۆرمێکی دەسەڵات نەک ئابووری ناودەبات (بڕوانە ل. 262، 333). دواتر چارەسەری خۆی لە ڕێگەی چەمکی کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیکدا پێشکەشدەکات، کە سیستمێکی خۆسەری و خۆبەڕێوەبەری خوولییە. تیایدا دەسەڵات لە ناوەندەوە بەرتەسک دەکاتەوە و بەسەر کۆمەڵگە ناوخۆییەکان و کۆنفیدراسیۆنەکاندا دابەشی دەکات (بڕوانە بەشی شەشەم، پەرتووکی سێیەم). بۆیە پێیوایە خواستەکانی کورد لەوەها سیستمێکدا دابیندەکرێن، بێ ئەوەی پێویستی بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەبێت. دواتر ئەمە بە سیستمی دیموکراسی ڕاستەوخۆ ناودەبات، کە کۆڵەکە سەرەکییەکانی لەسەر بنەمای ئابووری کۆمەڵایەتی لەبری ئابووری کاپیتالیزم ، یەکسانی ڕەگەزی، فرەیی شوناس، فرەیی ئایینی وکولتوورییە.

ئەگەر لە گۆشەنیگای پەرتووکەکەوە بۆ ڕاڤە و شرۆڤەی بانگەوازەکەی بچین، ئەوا پێویستە بپرسین کە ئایا ئۆجەلان وەرچەرخانی هزری بەسەردا هاتووە و تەنانەت لە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک پاشگەزبۆتەوە کە ڕاستەوخۆ لە پەیامەکەیدا باسی ناکات؟ ئایا بارودۆخی بەندیخانە و ڕەچاوکردنی هەستیاری سیاسی - کۆمەڵایەتی گەلی تورکیا وەهای کردووە کە کرداریيانە بۆ بانەتەکە بڕوانێت و خۆی لە کۆنفیدرالیزم بە دوور بگرێت؟ ئایا گۆڕانکارییە گەورەکانی ناوچەکە و جیهان وەهای کردووە کە خوێندنەوەی نوێی بۆ گۆڕەپانی ڕاستەقینەی ژیان هەبێت و پراگماتیکانە بەدوای دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لەناو دیموکراسیدا بێت؟ ئایا وەک تاکتیک پێداگری لەسەر چەمکی دیمۆکرات دەکات و ناوی کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیک نابات؟ ئایا

لە لە دانووستانەکانی پشت پەردەوە پێداگری لەسەر ئەمە دەکات؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسیاری ڕەواو پێویستن، کە کات و ڕووداوەکانی ناوچەکە و داهاتووی نێوان پەکەکە و تورکیا دەتوانێت وەڵامی هەندێکیان بداتەوە.

ئەوەی ئێستا لە بانگەوازەکەدا بۆ هەمووان ڕوونە، داوای دیمۆکراسی و ئاشتییە. لەمەشدا ڕوونی ناکاتەوە چی جۆرە دیمۆکراسییەکی دەوێت و تەنیا جەخت لە کۆدەنگی دێموکراتیک بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی دەکاتەوە. ئەمەش هەم لێکچوونی لە کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتی و هەمیش دیمۆکراسی کۆنسۆسیالیزم هەیە، چونکە لە کۆنفیدرالیزمدا، جەخت لە دیموکراسی وەک چارەسەری بەردەوام دەکاتەوە. کۆنفیدراڵیزم بە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبینێت، کە پێویستە لە ناخی کۆمەڵگەدا بڵاوبێتەوە نەک تەنیا لە ئەنجوومەنە خۆجێیی و سیاسیەکاندا. هەروەها ئەگەر مەبەستی دیمۆکراتی جۆری کۆنسۆسیالیزم بێت، ئەوا دەکرێت ئەمە وەک هەوڵی ئۆجەلان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لەناو تورکیایەکی دیمۆکراتدا لێکبدرێتەوە. ئەو دیمۆکراتییەی کە لە دەستووری ئەو وڵاتەدا بچەسپێت و وەک گەرەنتی سیاسی مافی ڤیتۆکردن بە کورد بدات، تاکوو مافەکانیان لەهەمبەر هەژموونی زۆرینەدا بپارێزن.

ئۆجەلان لە بانگەوازەکەدا داوای چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پەکەکە دەکات. هاوکات داوای کۆنگرەی پەکەکە دەکات کە تیایدا بڕیار لەو بارەوە بدەن. هەربۆیە خۆی شان لە بەرپرسایەتی بڕیاردان نادات و بۆ پەکەکە و کۆنگرەکەی دەهێڵێتەوە. بەمەش دەکرێت ئۆجەلان بەدوای چەند ئامانجێکە بێت. یەکەم ئەوەی هیچ گەرەنتی بە چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پەکەکە نەدات تاکوو حکومەت هەنگاوی کرداری بۆ گۆڕانکاری سیاسی و یاسایی هەڵدەگرێت. لەمەدا ڕەنگە ئەزموونی ڕێکەوتنی FARC لەگەڵ حکومەتی کۆلۆمبیاوە لەبەرچاو گرتبێت، کە تیایدا هەتا گەرەنتی سیاسییان لە حکومەت (بە بەشداری چاودێرانی نێودەوڵەتی) وەرنەگرت، چەکەکانیان ڕادەستی نەتەوە یەکگرتووەکان نەکردەوە. ئامانجێکی دیکەی ئۆجەلان بۆ بڕیارنەدانی تاکانە لەسەر چەکدانان، دەکرێت دوورخستنەوەی پەکەکە بە دابڕان و جیابوونەوە بێت، چونکە ئەگەر خۆی تاکانە بڕیارەکەی بدایە، ئەوا ئەگەری نارەزایەتی و دابڕانی نێوخۆیی پەکەکە زۆر دەبوو. هەربۆیە پەکەکە لە پێشوازی بانگەوازەکەدا بە ئاگرپەست وەڵامی دایەوە و ڕایگەیاند بانگەوازەکە نەک کۆتایی نییە بەڵکو سەرەتای پرۆسەی ئاشتییە (ڕاگەیاندنی ک.ب. پەکەکە، 2025). هەروەها ئۆجەلان باسی پێویستی چەکدانانی گشت گرووپە چەکدارەکان دەکات. ئایا مەبەستی گرووپە چەکدارەکانی پەکەکە، بۆ نموونە تەیرەکانی کوردستانە، بەردەنگی ناوبراو پژاک، پەیەدە و یەپەگەیە؟ یان مەبەستی گرووپە چەکدارەکانی لایەنگری تورکیا لە سوریایە؟ ئەوەی دوای بانگەوازەکە لە مەیدانی ڕاستەقینەدا ڕوویداوە، ڕێکەوتنی نێوان

ڕۆژئاوا حکومەتی ناوەندی سوریا بووە کە دەگوترێت بە گوێرەی بانگەوازەکەی ئۆجەلان بووە (موسلیم، 2025). ئەمەش شەپۆلێکی دیکەی کاردانەوەو خوێندنەوەی ئەرێنی و نەرێنی لێکەوتۆتەوە، کە پێویستە لە وتارێکی دیکەدا باس و شرۆڤە بکرێن.

## بانگەوازەکە و ڕوانگەی گەشبینانە

لەپاڵ گشت جۆە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە بۆ بانگەوازەکەی ئۆجەلان و ئەگەری لێکەوتەی زیانباری بۆ کورد، ڕوانگەیەکی دیکە هەیە کە پیشاندەری هونەری ریتۆریکی ئۆجەلان و تایبەتمەندییە باشەکانی بانگەوازەکەیە. لەخوارەوە ئاورێکی کورت لەم دیوەی بانگەوازەکە دەدەمەوە، کە دەکرێت بە شرۆڤە و روانگەی گەشبینانە ناوببرێت.

یەکەم ئەوەیە کە ئۆجەلان هۆشیارانە و ئامانجدارانە دەقی بانگەوازەکەی بە ناڕوونی و ئاڵۆزی داڕشتووە. بەمەش هەوڵیداوە لە نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیادا، بالآنسی هێز بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئەو لەبەر بارودۆخی بەندیخانە و سنوورداربوونی ئازادییەکانی، تێکۆشاوە کە هەم بانگی ئاشتی بکات و هەمیش دەرفەتی ئاشتی و متمانەپێکردن بخولقێنێت. بانگ لە پەکەکە دەکات چەکەکانیان دابنێن و خۆهەڵوەشێننەوە، بەڵام بڕیاردان لەمبارەوە دەیبەستێتەوە بە کۆنگرەی پەکەکە و کرداری یاسایی و دیمۆکراسی لە تورکیادا. ئەمەش وادەکات خۆی نەک لاواز پیشاندان نەدات بەڵکو زیرەکانە لە دەرفەتەکە کەڵکوەرگرێت، تاکوو بانگی ئاشتیخوازبوونی خۆی بە گوێی تورکیاو دنیادا بدات. بەمجۆرە ئەگەر پەکەکە یان تورکیا پرۆسەکە ڕەتبکەنەوەو تێکیبدەن، ئەوە ئۆجەلان دەتوانێت خۆی بە بەرپرسیار نەزانێت. بەمجۆرەش بە دنیای بسەلمێنێت کە ئەو نەک تەنیا تێرۆیست نییە بەڵکو سەرکردەیەکی ئاشتیخوازە، کە بۆ ئاشتی ئەرکی مێژووی خۆی بەجێگەیاندووە و ئەوانی دیکە لەباریان بردووە.

خاڵی دیکە ئەوەیە ئۆجەلان بە شێوازێکی تایبەت داوای چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پەکەکە دەکات. بەمجۆرە لە لایەک بایەخی بانگەوازەکە لای حکومەت و خەڵکی تورکیا کەم نەکاتەوە و هەوڵی متمانەدروستکردن دەدات. لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵیداوە پەکەکە تووشی سەرلێشێواوی و بێدەسەڵاتی و دابڕان نەکات. بۆیە لە بڕیاری تاکڕەوانە خۆی بەدوور دەگرێت و داوا لە پەکەکە دەکات کە بە کۆمەڵ و لەناو کۆنگرەدا بڕیارە چارەنووسسازەکە بدات. بەمشێوەیە ڕێگری لە بڕیار و کردارێکی کتووپڕ و لەناکاو دەکات کە دەتوانێت ئاژاوە و دابڕانی لێبکەوێتەوە. بەمەش دەرگا بۆ گواستنەوە بۆ دنیای سیاسەت و دیپلوماتی

دەکاتەوە و کەس ناچار بە بڕیاردانی بە پەلە ناکات، بەڵکو بابەتەکە دەکاتە پرۆسەیەکی کاتهەڵگر، کە پێویستی بە پشوودرێژی و متمانەدروستکردنەوە هەیە.

دیوێکی دیکە بانگەوازەکە ئەوەیە کە دەتوانێت گووشار بۆ سەر دەوڵەتی تورکیای دروستبکات. ئەمەش دوای گشت ئەو هەموو دەنگدانەوە و پێشوازییە نێودەوڵەتی، ناوچەیی و ناوخۆییە کە لە بانگەوازەکە کراوە. ئێستاکە ئۆجەلان تۆپی ئاشتی خستۆتە ناو دەستی حکومەتی تورکیاوە. بۆ ئەمەش گەرەنتی چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پەکەکە ناکات، بەڵکو ئەمە گرێدەدات بە بڕیاری پەکەکە و هەروەها گەرەنتی یاسایی و دیموکراتیکی تورکیاوە. بۆیە ئەگەر تورکیا بە کرداری یاسایی و دیموکراتی و ڕیفۆرمی قووڵ پێشوازی لە بانگەوازەکە نەکات، ئەوا ئۆجەلان دەتوانێت حکومەت بە هۆکاری سەرەکی سەرنەگرتنی پرۆسەکە بناسێنێت. بەمجۆرە فاکتۆری کاتبەخشین بە پەکەکە و دەرفەتدان بە تورکیا ڕەچاو دەکات تاکوو هەردوولا بیسەلمێنێن کە ئامانجی ڕاستەقینەیان ئاشتییە، نەک تەنیا لاوازکردن و لەناوبردنی یەکدی. ئەگەر پرۆسەکەش سەربگرێت، ئەوا دەتوانێت دەرفەتی یاسایی زۆرتر هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەسەر ئازادی زۆرتر یان ئازادکردنی لە زینداندا. بە کورتی ئۆجەلان بەمجۆرە تێدەکۆشێت نەک خۆی و پەکەکە لە لاوازی و کزۆڵی دووربخاتەوە، بەڵکو خۆی و پارتەکەی وەک لایەنێکی بەشداربووی مێژوو بسەلمێنێت.

بابەتێکی دیکەی بانگەوازەکە، جەختکردنەوە لەسەر پێویستی خەباتی سیاسی و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کوردە. بۆ ئەم مەبەستە، ئۆجەلان کەڵک لە شێوازە ئاڵۆزو نارۆونەکەی وەردەگرێت. لەلایەکی تورک دەکاتە بەردەنگی خۆی و بانگی پێویستی دیمۆکراسی، یەکێتی کورد-تورک و خەبات دژی کاپیتالیزم دەکات. بەمەش هەوڵی متمانەدروستکردن و گۆڕینی تێڕوانین و باوەڕی خەڵک و حکومەت تورکیا دەدات، تاکوو هەنگاوی کرداری بۆ بەشداری سیاسی و چارەسەری ئاشیانەی پرسی کورد هەڵبگرن. لەلایەکی دیکەوە، ڕووی لە کورد و پەکەکەیە و باسی پێویستی پێداچوونەوە بە سیاسەتی سوسیالیزمی ڕیالیزمی (کۆمۆنیستی) و گۆڕینی خەباتی چەکداری بۆ سیاسی دەکاتەوە. بەمجۆرە دەرگا بۆ خۆگوونجاندنی پەکەکە لەگەڵ ڕاستینەی سیاسی دەکاتەوە، کە پێویستە خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەیەکان بگوونجێنن. هەربۆیە پێدەچێت ئۆجەلان لە قۆناخی هەنووکەییدا، پراگماتیکبوون لەسەرووی ئیدیۆلۆژیکبوون دابنێت، چونکە ئەگەرچی باسی پێویستی خەباتی دژە کاپیتالیزم دەکات، بەڵام هاوکات جەخت لەسەر پێویستی گۆڕینی سیاسەتی کۆمۆنیستی پەکەکەش دەکاتەوە. ئەمەش دەکرێت وەک ئاماژەیەک بۆ پەکەکە لێکبدرێتەوە کە پێویستە درێژە بە هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانانیان بدەن، بەتایبەت لە ڕۆژئاوای کوردستاندا!

## کۆبەندی

وتارە ئاڵۆزەکەی ئۆجەلان، بەهۆی بارودۆخی بەندیخانە و هەروەها شێوازی داڕشتنی زمانەوانی، تێگەیشتنی جیاوازی لێکەوتووەتەوە. داڕشتنی بانگەوازەکە، تایبەتمەندی شێوازێکی زمانەوانی پێوە دیارە کە تیایدا نووسەر بە ئامانجەوە ناڕوون و ئاڵۆز دەنووسێت. هەروەها بە ئاڵوزییەوە باسی ئاشتی و دیمۆکراتی دەکات و پێدەچێت ئامانجی ڕاکێشانی سەرنجەکان بێت، بۆ تێگەیشتن لە تیۆرییە جۆراوجۆرەکانی دیمۆکراسی!

بارودۆخی ناوخۆیی تورکیا و گۆڕانگاڕییە خێراکانی ناوچەکە و جیهان، پیشاندەری هۆکارە سەرەکییەکانی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی نێوان پەکەکە و حکومەتی ئانکاران. ئەردۆغان و تورکیا بەدەست چەند گرفت و قەیرانێکی ناوخۆییدا دەناڵێنن و ئالۆزییەکانی دوای دەستبەسەرکردنی ئیمامئۆغلو و خەڵکی ئۆپۆزسیۆن وڵاتەکەی بەرەو ناسەقامگیری و نائارامی بردووە. هاوکات گۆڕانکارییە خێراکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانی باڵانسی هێزی ئێران و سەرهەڵدانی ئیسرائیل وەک زلهێزی نوێی ناوچەکە، تورکیای تووشی مەترسی و کارابوون کردووە. لەپاڵ ئەمانەشدا، گۆڕانکارییە سیاسیەکانی دوای سەرهەڵدانی شەڕی ئۆکراین-ڕووسیا، و هەروەها لێکەوتەکانی سیاسەت و ئابووری ئەمریکاو چین، پرسی هاتنە ئارای سیستمێکی نوێی جیهانی وروژاندووە. بۆیە سەرنج و ئامادەبوونی زلهێزان لە دۆخی سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تورکیای بەرەو سووریا بردووە و هاندەریشی بووە بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی. شکست و سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەش، بە کۆمەڵێک ڕاستینە و هۆکارەوە بەندە. لەسەرووی هەمووشیانەوە، نیازخراپی، بێ بڕوایی، بێ متمانەیی و توندوتیژی دەتوانێت لە هەر ئان و ساتێکدا بتەقێتەوە و پرۆسەکە بەرەو شکست ببات. هاوکات سەرکەوتنی پرۆسەکە بە خواستی ڕاستەقینە و هەنگاوی کرداری دوولایەنەی کورد و تورک پەیوەستە. جگە لەمەش، پشتگیریکردن یان دژایەتی وڵاتانی زلهێز و هاوپەیمانان لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی هەرەگرنگی هەیە.

بانگەوازەکەی ئۆجەلان و ڕاگەیاندنی پرۆسەی ئاشتی لە کاتێکدایە کە کورد لەبەردەم تاقیکردنەوە و مێژوویەکی نوێی ناوچەکەیە. ڕابردووی دانووستانی ڕێبەرانی کورد لەگەڵ نەیاران و دوژمنانیدا، پیشاندەری مێژووی ڕەش و شکستخواردووە. هەربۆیە گشت دڵنیگەرانی و ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە بۆ بانگەوازەکە ڕەوایە. لەجێی خۆیدایە کە کورد گومان و ترسی لە تاکتیکی داگیرکەر هەبێت بۆ دوورخستنەوەی لە دەستکەوتی مەزنی نەتەوەیی. هاوکات ڕاستییەکی حەشاهەڵنەگرە کە زەمەن گۆڕانگاری بەسەردا هاتووەو، کوردیش بەشدار و شارەزای کاری سیاسی و دیپلۆماتی بووە. هەربۆیە ئەوەی ئێستاکە بۆ کورد ڕوونە، ترس و هیوایە

کە شان بە شانی یەک لەگەڵ بانگەوازەکەی ئۆجەلاندا دەڕۆن. پرسیارەکە ناڕوونەکە ئەوەیە کە بەرهەمی بانگەوازەکە کورد بەرەو چ داهاتوویەک دەبات؟

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردی و فارسییەکان

ئۆجەلان, ع. (٢٠٠٩-٢٠١٩). *مانیفست تمدن دموکراتیک - مسائل گذار از مدرنیتەی کاپیتالیستی و مدرنیتەی دموکراتیک (دورەی پنج جلدی)*. وەرگیراو لە
https://www.kodar.info/upload/gallery/1567318763-_______.pdf

ئۆجەلان, ع. (٢٠٢٥). *بانگەوازی ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک*. وەرگیراو لە
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2702202519

ئۆجەلان, ع. (٢٠٢٥). *نەورۆزی ئازادی مەزڵوومان پیرۆز بێ*. وەرگیراو لە
https://masoudmanaf.wordpress.com/2013/03/26/1-889/

دەنگی ئەمریکا. (٢٠٢٤). شارەزایانی سیاسی دەڵێن ئەردۆغان دوای شکستی پارتەکەی لە هەڵبژاردن هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد و قەندیل "توندتر" دەکات. وەرگیراو لە
https://www.dengiamerika.com/a/7553851.html

ڕاگەیاندراوی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پەکەکە. (٢٠٢٥). *بۆ ڕای گشتی و گەلی وڵاتپارێزمان*. وەرگیراو لە
https://anfsorani.com/کوردستان/pkk-lm-bdwaw-yagrbst-adgynyn-65761

ڕۆژە, م. (٢٠٢٥). *پرۆسەی ئاشتی لە کورتخایەندا دەسکەوتی بەدواوە دەبێت بەڵام لە درێژخاتەندا بۆ کورد وەیشوومە دەخوڵقێنێت*. وەرگیراو لە https://qandilpress.news/2025/03/12/

ڕۆژهەڵاتی, ز. (٢٠٢٤). *هێڵی باریکی نێوان هەڵبژاردن و پێکدادان لەهەرێمی کوردستان و تورکیا*. وەرگیراو لە https://rudawrc.net/sorani/article/heli-bariki-newan-helbjardn-u-pekdadan-leheremi-kwrdstan-u-twrkya-2024-04-04

موحەمەد, ڕ. (٢٠٢٢). *کۆریدۆری داڤید یان ڕێڕەوی داڤید چییە کە ئیسرائیل دەیەوێت؟* وەرگیراو لە
https://bn24.org/detail/2053/

موحەمەد, ڕ. (٢٠٢٣). *نەزمی نوێی جیهان و چارەنووسی ئابووری هەرێم*. وەرگیراو لە
https://chawykurd.com/2023/02/06/نەزمی-نوێی-جیهان-و-چارەنووسی-ئابووری-ه/

موسليم, س. (٢٠٢٥). *ڕێککەوتننامەکەی هەسەدەو دیمەشق بە گوێرەی بانگەوازەکەی ئۆجالانە*.
وەرگیراو لە /https://qandilpress.news/2025/03/11/

سەرچاوە ئینگلیزی و نەرویجییەکان

Akerfeldt, A. (2016). *Consociational democracy in theory and practice*. Retrieved February 2025, from https://www.researchgate.net/profile/Adam_Akerfeldt/publication/306101234_Consociational_Democracy_in_Theory_and_Practice/links/57b18acd08aeb2cf17c50e75/Consociational-Democracy-in-Theory-and-Practice.pdf

Austin. (2021, July 14). *Ambiguous sentences: Definition, types, and examples*. Retrieved February 2025, from https://mytutorsource.hk/blog/ambiguous-sentences/

BBC News. (2025). *Erdogan rival arrested days before becoming presidential candidate*. Retrieved March 2025, from https://www.bbc.com/news/articles/c5yren8mxp8o

Boldermo Eriksen, M. (2017). *Antagonisme, konflikt og identitet*. Universitetet i Oslo. Retrieved March 2025, from https://www.duo.uio.no/bitstream/handle/10852/57616/1/Masteroppgave_Mina_Boldermo_Eriksen.pdf

Dargın, C. (2025). *Precarious alliances: Turkey, Israel, Öcalan, and Kurds amid shifting Middle Eastern geopolitics*. Retrieved March 2025, from https://www.norwich.edu/topic/all-blog-posts/precarious-alliances-turkey-israel-ocalan-and-kurds-amid-shifting-middle-eastern-geopolitics

García-Godos, J. (2024). *Colombias samtidshistorie*. Store norske leksikon. Retrieved March 2025, from https://snl.no/Colombias_samtidshistorie?utm_source=chatgpt.com

Global Times. (2025). *China, Iran, Russia to hold joint naval drill, eye military cooperation boost: Chinese defense ministry*. Retrieved March 2025, from https://www.globaltimes.cn/page/202503/1329755.shtml

Haugan, S. (2024). *Tamiltigrene*. Retrieved March 2025, from https://snl.no/Tamiltigrene

Hauge, J. (2010). *Det konsosierte demokratiet i Nederland og Østerrike*. Universitetet i Oslo. Retrieved February 2025, from https://www.duo.uio.no/bitstream/handle/10852/13131/Masteroppgave_Hauge.pdf?sequence=2

Hurriyet Daily News. (2025). *Handshake with DEM Party shows 'national unity': Bahçeli*. Retrieved March 2025, from https://www.hurriyetdailynews.com/handshake-with-dem-party-shows-national-unity-bahceli-201341?utm_source=chatgpt.com

International Alert. (2025). *Choosing to engage armed groups and peace processes: Accord issue 16*. Retrieved March 2025, from https://rc-services-assets.s3.eu-west-1.amazonaws.com/s3fs-public/Choosing_to_engage_Armed_groups_and_peace_processes_Accord_Issue_16.pdf

Lie, T. (2024, December 6). *Pragmatism and repressive politics*. Modern Times Review. Retrieved from https://www.moderntimes.review/istanbul24/

Münkler, H. (2017). *Nasjoner med offerkult*. Retrieved March 2025, from https://www.vagant.no/nasjoner-med-offerkult/

Mytutorsource. (2021). *Ambiguous sentences*. Mytutorsource. Retrieved February 2025, from https://mytutorsource.hk/blog/ambiguous-sentences/

Neumann, S. (2025). *The fragile state of Turkey: A nation on the brink of collapse*. Modern Diplomacy. Retrieved March 2025, from https://moderndiplomacy.eu/2025/01/30/the-fragile-state-of-turkey-a-nation-on-the-brink-of-collapse/

Petti, M. (2021). *The Kurds Who Died for Palestine*. Retrieved February 2025, from https://newlinesmag.com/argument/the-kurds-who-died-for-palestine/

Reuters. (2025). *Turkish lawmakers discuss Mideast in closed session after Erdogan's Israel claim, October 8, 2024*. Retrieved March 2025, from https://www.reuters.com/world/middle-east/turkish-lawmakers-discuss-mideast-closed-session-after-erdogans-israel-claim-2024-10-08/?utm_source=chatgpt.com

TRT World Research Centre. (2025, February 28). *End of an era: Öcalan's call to dissolve the PKK redraws the regional landscape*. Retrieved March 2025, from https://researchcentre.trtworld.com/featured/end-of-an-era-ocalans-call-to-dissolve-the-pkk-redraws-the-regional-landscape/

Yetkin Report. (2025, February 28). *Öcalan's call for peace or a new tactic?* Retrieved March 2025, from https://yetkinreport.com/en/2025/02/28/ocalans-call-peace-or-a-new-tactic/

Urban, S. (2020). *Galtungs metode for fred (2. utg.)*. Retrieved February 2025, from https://hardangerakademiet.no/wp-content/uploads/2020/10/Galtungs-metode-for-fred_2_opplag_komplett.pdf